www.kurdistannet.org
09/06/2002 15:24

# ئایا باشووری کوردستان ئارامە!؟

## ڕووداوەکانی مانگی ئایاری باشووری کوردستان لەراپۆرتێکی رۆژنامەوانیدا

بەدواداچوون تۆماری ڕووداوەکان: شنۆ محەمەد
shinomihemed@hotmail.com

لەمانگی ئایاردا لەباشووری کوردستان:

**٥٨ هاوڵاتی (ژن، منداڵ، لاو، پیر) کوژراون ، خۆیان کوشتووە، خۆیان سوتاندووە، خۆیان خنکاندووە ، یاخود بەشێوەیەکی نائاسایی گیانیان لەدەستداوە.**

**١١٧ هاوڵاتی بەدەستی خۆیان یاخود بەشێوازی جۆراوجۆری نائاسایی بریندواربوون.**

**١٧٧٨هاوڵاتی لەدەرەوەی سنووری باشووری کوردستان، کە ویستویانە بەرەو ئەوروپا بڕۆن لەشوێنی جیاجیا دەستگیرکراون و سنووردراشی باشووری کوردستان کراونەتەوە.**

**شێوەو سیستەمی ئێستای باشووری کوردستان لەنێوان چوار ئیدارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە:**

**١- پارێزگای دهۆك و نیوەی زیاتری پارێزگای هەولێر لەژێردەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە.**

**٢- پارێزگای سلێمانی و ناوچەی بالیسان و قەزای کۆیەی پارێزگای هەولێر و چەند ناوچەیەکی پارێزگای کەرکوك و گەرمیان لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندایە.**

**٣- زۆربەی پارێزگای کەرکوك و موسڵ و ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی لەژێر دەسەڵاتی رژێمی ناوەندی ئێراقدایە.**

**٤- چەند ناوچەیەکی هەورامان و سنووری نێوان رۆژهەڵاتی کوردستان و باشوور لەتەوەرەی هەڵبجە-پاوە لەژێر دەسەڵاتی هێزە ئیسلامیەکاندایە.**

**لەتەواوی باشووری کوردستاندا زیاتر لە پەنجا پارت و کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی رەسمی و نارەسمی: چەپ، راست، سۆسیال-دیموکرات، سۆسیالیستی، دیموکراتی، نەتەوەیی، عەشیرەتی، ئیسلامی سیاسی، ئیسلامی ناوەڕاست، ئیسلامی توندڕەو، رێکخراوی مەزهەبی و کەمەنەتەوەکان ، پارت و رێکخراوی بەرێباز و بیر و بۆچوونی نامۆ و جیاواز جیاواز، کە ناوە ناوە بەیاننامەو بڵاوکراوەکانیان دەبینرێن هەن.**

**لەسایەی ئەم هەموو پارت و رێکخراوە شێوازە جیاوازەو، لەسایەی ئەم چوار بەشە ئیدارییەی ئێستادا لەبەدواداچوونێکی کورت و مەیدانیدا، ڕووداوەکانی مانگی ئایارم بۆ خوێنەران تۆمارکردووەو باخوێنەران حوکم بدەن، کە لە سایەی بەردەوامی ڕووداوی هاوشێوە، ئایا کۆمەڵگای باشووری کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات!؟. ئەم ڕووداوانەی مانگی رابردووم کە لێرە تۆمارکردوون، بەلای منەوە گرنگ نییە، تاچەندی لێکۆلینەوەو لێپرسینەوە لەسەر بەشێك لەم ڕووداوانە دەکرێ یا کراوە!، یاخود هۆکاری ئەم ڕووداوانە چین و چی نین. . ؟!، ئەوەی گرنگە هەر لەدوای راپەرینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ وە دیاردەکانی کۆچ و راکردنی بەردەوام و سنووردراشکردنەوەی کۆچبەران، خۆکوشتن، خۆهەڵواسین و خۆخنکاندن، کوشتنی نادیار، کوشتنی ئاشکرا، کوشتنی باوك و دایك لەلایەن نەوەکانیانەوە، کوشتنی کچان و ژنان و تەنانەت کوڕان لەلایەن کەس و کاریانەوە، ڕووداوی شەڕ و ناکۆکی کۆمەڵایەتی، دانانەوەو تەقاندنەوەی "تی ئێن تی"، گیان لەدەستدان بەهۆی مین، بەئاگاییەوە خۆفڕێدانە ناو ئاو، یا خنکان لەئاودا، گیان لەدەستدان بەهۆی هاتووچۆ لەسایەی یاساکانی هاتوو**

چۆی ئیدارەتەکانی باشووری کوردستانەوە، سیخوڕی کردن بۆ رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و هێزە بیانییەکان، بازرگانی کردن بە مرۆڤ، بازرگانی کردن و قاچاخچێتی کردن بەماددە بێهۆشکەرەکان، بازرگانی کردن و تەزویرکردنی پاسەپۆرت و ناسنامەی جۆراوجۆر و مۆری جۆراو جۆر، تەزویرکردنی هەموو جۆرە پارەیەك، قۆڵبرین و رێگری و دزی و چوونە سەر ماڵان و ئاودیوکردن و فرۆشتنی کارگەو کارخانە گرنگەکان و، پاشماوەی شوێنەوارە مێژووییەکان. قەیرەیی لاوان و هەروەها بێکاری و هەژاری و نەداری بەردەوامیش، ترسناکترین دیاردەی لەباشووری کوردستاندا هێنایە ئاراوە، کەئەویش بۆ پارچەیەك نان لادان بوو لەرەوشت و بەهای پیرۆزی مرۆڤانە بەرەو لەشفرۆشی. . . . . . لەگەڵ هەموو ئەمانەش کوشت و بڕی یەکتری لەنێوان پارت و رێکخراوە بچووك و گەورەکان، لەنێوان عەشیرەت و بنەماڵەکان، لەنێوان دەستە و خێزان و تاکە کەسەکان و. . . . کوشتنی زیاتر لەچەندین هەزار ژن بەبیانووی پاراستنی شەرەف و ناموس، جگە لەوەش تیرۆرکردنی زانست و زانستخوازان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و مامۆستایانی زانکۆ و پزیشکان و کەسایەتییە نیشتمانییەکان و چوار پەرلەمانتاری ناو پەرلەمانەکەی باشوور و. . . . . سەدان رۆشنبیر و کەسایەتی تری ناسراو. جگە لەتیرۆرکردنی رۆژنامەوانانی بیانی. هەروەها لەشەڕە ناوخۆییەکانی نێوان هێزەکانی باشووری کوردستاندا بەبەڵگەو ئاماری هەریەك لەخودی حیزبەکانەوە، کەبۆ ئەندامە کوژراوەکانی خۆیان دەریان خستووە، بەکۆی ژمارەی هەموویان بەتێکڕایی لەباشووری کوردستاندا، زیاتر لەدەهەزار لاو بوونەتە قوربانی شەڕی ناوخۆیی.

بێگومان هەموو ئەم رووداوانەی کەلەسەرەوە بەکورتی ئاماژەم پێکردن و، ئەورووداوانەشی، کەلەمانگی ئایاری ئەمساڵ (٢٠٠٢) روویانداوە، لەسایەی دروشمی ئاوەدانی بەردەوام و ، ئازادی و دیموکراسی روویانداوە. سەرجەم رووداوەکان لەخانەی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤن. بەڵێ خوێنەری خۆشەویست ئایا ئەم رووداوانە هۆکاری کۆچ و راکردن نین لەخاکی نیشتمان!؟، یاخود هۆکاری لادان لەرەوشت و، تووشبوونی تاکی کۆمەڵگاکەمان نییە بەنەخۆشیە دەروونیەکانەوە. لەلایەك بەبەردەوامی باس لەشارستانیەت و ئاوەدانکردنەوەو پرۆژەی جۆراو جۆر دەکرێ، لەلایەکیتر ئەم دیاردە دزێوانە رۆژبەرۆژ لەپەرەسەندندان و هیچ رێگا چارەسەریەکی ئاکتیف و پراکتیکیانە نەدۆزراوەتەوەو تەنانەت ئەو یاسا و بڕیارانەی سەبارەت بەپاراستنی مافەکانی ئێمەی (ژنان!) دەرچوو هیچی بەهیچ نەکردو تەنیا قسەی زلی پیاو سالاری بوو بەس!، کەلەسایەی ئەوانەوەیە کەئەمڕۆ کۆمەڵگاکەمان تووشی رەوشێکی ئاوا بووە. بەڵێ بابزانین کۆمەڵی باشووری کوردستان لەمانگی ئایاری رابردوودا چۆن ژیاوەو چی لەم کۆمەڵگایە روویداوە؟!، رووداوەکانی مانگی ئایاری ئەمساڵ هاونمونەی سەرجەم مانگەکانی ئەم ١١ ساڵەی رابردووە، کەبەشێکی ئەم رووداوانەی مانگی ئایار لەدەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆی باشووردا ئاماژەی بۆکراوە. جگە لەزۆر روویداوتری هاوشێوەو، رووداوی سەرنج کێش و فرۆشتنی منداڵان، بەڵام من هیچ زانیاری و ئاگاداریەکی ئەوتۆم لەبارەیانەوە بەدەست نەکەوتووە.

- بەدرێژایی مانگی ئایار رێگەی چاپکردن و بڵاوبوونەوەی دەیان رۆژنامە و گۆڤاری جۆارو جۆر گیراوە، هەندێك لەو بڵاوکراوەنەوە، تەنیا توانیویانە لەناوچەیەکی سنووردارادا بڵاوببنەوە. لەو رۆژنامە و گۆڤارانە: رزگاری، چارەسەری، رۆشنایی، بۆپێشەوە، یەکسانی، وڵاتی رۆژ، دەنگی ئازادی، رۆژ، زەنگی کرێکاران. . . . ئەوە لەکاتێکدا گۆڤار و رۆژنامەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی سەرکوردستان لەهەموو ناوچەکان بەئاشکرا دەفرۆشرێن و بڵاودەکرێنەوە.

-لەرۆژی١/٥، دوای ئازارێکی زۆر٢٢٢ کۆچبەر کەلەرێگای ئێرانەوە بەرەو تورکیا بەرێ کەوتبوون دەستگیرکران و بۆباشووری کوردستان سنووورداشکرانەوە.

-لەسەرەتای مانگی ئایاردا، لەشاری قەڵادزێ، ژنێك کەخاوەنی ٩ منداڵە بەئاگاییەوە خۆی فرێداوەتەوە ئاوەو خۆی خنکاندووە.

www.kurdistannet.org

-لەرۆژی١/٥ هاولاَتیان (تارا فایەق و ئالان ئەحمەد) لەئاوی شاخە سووری ناوچەی شارباژێر خنکاون.

-لەسەرەتای مانگی ئایاردا لەئاکرێ هاولاَتی (تەیب حاجی) تەمەن ٢٩ سالَە لەکاتی چوونی بۆ ڕاوە ماسی لەئاوی گەلی زەنتا خنکاوە.

-لەرۆژی١/٥ لەسەر کێشەیەکی کۆمەلاَیەتی لەهەولێر کورێك، یەکێکیتری بریندارکردووە.

-لەسەرەتای مانگی ئایار لەسەرکێشەیەکی کۆمەلاَیەتی باوکێك لەکورەکەی داوەو دەستێکی شکاندووە.

-لەسەرەتای مانگی ئایاردا لەشەقلاوە خوێندکار (رۆژان جەلیل) لەئاکامی بەرکەوتنی کارەبا بریندراربووە.

-لەرۆژی٢/٥ لەگەرەکی ئاری شاری هەولێر منداڵێکی یەك سالَ و نیوی لەکاتی دەستدان لەکارەبای چەتالَکراو، گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٣/٥ لەشاری هەولێر هاولاَتی (بورهان قادر مستەفا) ، کەخاوەنی پێنج منداڵە لەمالَەکەی بەپەتێك خۆی هەلَواسیوە تاخنکاوە.

-لەرۆژی٣/٥ لەگەرەکی بەهاری شاری هەولێر کورێکی ١٦ سالاَن بەناوی (م) بەچەقۆ لەباوکی داوەو بریندراری کردووە.

-لەرۆژی٣/٥ کچێك بەناوی (شەیدا کەریم) لەشاری دەربەندیخان لەئەنجامی بەرکەوتنی تەزووی کارەبا گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی ٤/٥ برێك "تی ئێن تی" لەئۆتۆمبیلی هاولاَتی (لوقمان عوبێد) لەشارۆچکەی قوشتەپە تەقیوەتەوەو لەئەنجامدا بۆتە هۆی بریندراربوونی ناوبراو و زیان کەوتن لەئۆتۆمبیلەکەی.

-لەرۆژی ٥/٥ هاولاَتی (ئەنوەر حەمەد) لەناحیەی خەبات کوژراوە.

-لەرۆژی٦/٥ لەئەنجامی گوللە باراندنی هێزەکانی رژێمی ئێراقەوە شوانێك بەناوی (محەمەد رەئوف) لەناحیەی شۆرش گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٦/٥ لەشاری زاخۆ کچێکی ٢١ سالَی بەناوی (ئە. س) سووتاوە.

-لەرۆژی٦/٥ لەشەقامی کورانی شاری هەولێر سێ چەکدار دەستدرێژیان کردۆتە سەر هاولاَتی (قادر ئەحمەد قادر) لەناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆی و، لەئەنجامدا دەست بەجێ گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٦/٥ خوێندکار (هیدایەت عەبدوللاَ) خەلَکی هەلَەبجە لەئاوی ناوچەی بەکراوە خنکاوە.

-لەرۆژی٦/٥ لەشاری هەلَەبجە ٣چەکدار پۆلیسێکیان بریندارکردووە.

-لەرۆژی٧/٥ لەشاری زاخۆ کچێك بەناوی (ك. س) خۆی سوتاندووە.

-لەرۆژی٧/٥ لاوێك بەناوی (کامەران حەبیب) خەلَکی چەمچەمالَ لەئاوی گۆشت قوتدا خنکاوە.

-لەرۆژی٧/٥ چەکدارێك بەناوی (عوسمان دارا عەلی) خەلَکی چەمچەمالَ لەسورێن لەکاتی دەستکاری کردنی گوللە هاوەنێك گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٨/٥ لەنێوان کەسنەزان-هەولێر لەئەنجامی وەرگەرانی ئۆتۆمبیلێك، شوفێرەکەی بەسەختی بریندراربوو، ئەو هاولاَتیەشی کەلەگەلَیدابوو گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٨/٥ لەشاری هەولێر لەدوو شوێن و لەدوو کاتی جیاوازدا ئۆتۆمبیل لەمنداڵێکی ١٠سالاَن بەناوی (ج. ف) و (ڤیان) ی تەمەن ٨سالاَنی داوە.

-لەرۆژی٨/٥ لەهەولێر لەئەنجامی دارمانی سەقفێکی تەختەبەستدا، چوار کرێکار بریندراربوونە.

-لەرۆژی٩/٥ زیاتر لەپەنجا کۆچبەر لەسنووری رۆژهەلاَتی کوردستانەوە سنووورداشی باشووری کوردستان کراونەتەوە.

-لەرۆژی١٠/٥ لەگەرەکی کرێکارانی هەولێر لەئەنجامی لێدانی ئۆتۆمبیلدا، منداڵێکی تەمەن ٣ سالاَن بەناوی (شەیما جەعفەر) گیانی لەدەستداوە.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 15:24

-لەرۆژی١٠/٥ خوێندکار (پێشەوا مەحمود عەلی) خەڵکی چەمچەماڵ لەئاوی دوکاندا خنکاوە.

-لەئێوارەی١١/٥ لەئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلێك لەشەقامێکی گشتی ناوەندی شاری هەولێردا، هاولاتی (نازم عەلی خان) گیانی لەدەستداوەو، هاولاتی (یاسین تاهیر مەحمود) یش بریندارب‌ووە.

-لەرۆژی١١/٥ ساوایەکی تازە لەدایك بووی فڕێدراو لەمزگەوتی خانەقای شاری سلێمانی دۆزراوەتەوە.

-لەرۆژی١٢/٥ دەولەتی تورکیا پاش سەرتاشین و سووکایەتی پێکردنێکی زۆر ٤٢ کۆچبەری سنووورداشی باشووری کوردستان کردەوە.

-لەرۆژی١٢/٥ لەگەرەکی کوردستانی شاری هەولێر لەئەنجامی شەڕێك لەنێوان دووهاولاتی، یەکێکیان ئەویتریان بەچەك بریندار دەکات.

-لەرۆژی١٣/٥ لاوێکی ٢١ ساڵی بەناوی (ن. ر) لەگەرەکی مەلایانی شاری هەولێر لەماڵەکەی خۆیدا خۆی سووتاندووە.

-لەرۆژی١٣/٥ لەشاری سلێمانی ژنێکی ٤٠ساڵان و، کچێکی ٣٠ ساڵن، کەپێشتر خۆیان سووتاندبوو گیانیان لەدەستدا.

-لەرۆژی١٤/٥ لەگوندی دوانزە ئیمامی ناحیەی سیروان، تەرمی هاولاتی (م. ع. م) ی تەمەن ٦٠ ساڵان لەنێو حەوزێکی گەورەی کشتوکاڵی دۆزراوەتەوە، کەشوێنی ئەشکەنجەو لێدان بەلەشیەوە دیاربووە.

-لەرۆژی١٤/٥ لەگەرەکی ئیسلاعی شاری سلێمانی کچێکی ١٧ ساڵانە خۆی سووتاندووە.

-لەرۆژی١٤/٥ لەگەرەکی کەلاری کۆنی شاری کەلار، ئۆتۆمبیلێك خۆی کردووە بەناو رانەمەڕێك و، لەئەنجامدا خاوەنی مەڕەکان گیانی لەدەستداوە، ئەمە سەرباری وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەو بریندارب‌وونی شوفێرەکەی بەسەختی و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری سەر ئاژەڵ.

-شەوی١٤-١٥ لەسۆران هاولاتییەك بەناوی (م. ح. م) خۆی سوتاندووەو لەئەنجامدا گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی١٥/٥ لەسەر رێگای زاخۆ-سێمێل لەئەنجامی لێکدانی دوو ئۆتۆمبیل، هاولاتیەك گیانی لەدەستداوەو، ٧ هاولاتی تریش بریندارب‌وونە.

-لەرۆژی١٥/٥ هاولاتی (عەبدوللا حەمید فەرەج) کرێکاری فەرمانگەی کارەبا لەکاتی کارکردنیدا کارەبا گرتوویەتی و گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی١٥/٥ لەشەقامێکی ناوەندی هەولێر لەئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلێك، چوارکەس بریندارب‌وونە.

-لەناوەڕاستی مانگی ئایاردا، ٢٦٩ کۆچبەری باشووری کوردستان لەولاتی لوبنان دەستگیرکراون، کەبەنیازبوونە لەرێگای دەریاوە بەرەو ئەورووپا بڕۆن.

-لەشەوی ١٦-١٧/٥ ژنێك پاش ئەوەی بەهۆی تەقینەوەی غازەوە سووتابوو، گیانی لەدەستدا.

-لەرۆژی١٧/٥ لەگەرەکی سایلۆی هەولێر کچێك خۆی سووتاندووە.

-لەرۆژی١٧/٥ لەشارۆچکەی باوەنوور، لەئەنجامی ئاگرکەوتنەوە لەئۆتۆمبیلێك، دوو هاولاتی سوتاون.

لەرۆژی١٧/٥ لاوێکی خەڵکی هەولێر بەناوی (فەرحان عوسمان) ، لەئاوی بێخالدا خنکاوە.

-لەرۆژی١٨/٥ هاولاتی (وەهاب ئەحمەد عەبدوللا) بەهۆی ئەوەی برایەکی لەناو پەکەکەدا بووەو گیانی لەدەستداوە، لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە دەستگیرکراوە. تەنیا لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا ناوبراو دەیان جار بەهەمان هۆکار لەلایەن ئاسایشی سلێمانی رووبەرووی گرتن بۆتەوە.

-لەرۆژی١٨/٥ لەگوندی تازەدێی ناوچەی خورماڵ، ژنێك لەسەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی خۆی سووتاندووەو گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی١٨/٥ لاوێکی خەڵکی چەمچەماڵ بەناوی (سیروان محەمەد شەریف) لەبەندیخانەی بنکەی پۆلیس و گرتن و گواستنەوە خۆی سوتاندووەو، پاش ٣ رۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 15:24

-لەرۆژی۱۸/ ٥ لەئەنجامی لێدانی ئۆتۆمبیل لەشەقامی شۆرش لەشاری هەولێر، ژنێك و منداڵێك بریندداربوونە.

-لەرۆژی۱۸/ ٥ لەئەنجامی لێکدانی دووئۆتۆمبیل لەسەر رێگای گشتی هەولێر-کەرکوك، پێنج کەس برینداربوونە.

-لەرۆژی۱۸/ ٥ لەگوندێکی ناوچەی گەرمیان، ژنێك بەناوی (ئیلهام عیسا) بەهۆی تەقینی تەباخی غازەوە گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی۱۸/ ٥ لەگەرەکی بەهاری هەولێر ئۆتۆمبیل لەلاوێکی داوەو بریندداری کردووە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ لەناوچەی بازیان لەئەنجامی دەستکاری کردنی مین لاوێکی ۲۲ ساڵی بەناوی (سەیوان سدیق رەشید) گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ لەگەرەکی راپەرین لەهەولێر منداڵێکی پێنج ساڵان بەناوی (ئیبراهیم مستەفا عوسمان) لەکاتی یاری کردن بەوایەری فرێدراوی کارەبا، کارەبا گرتوویەتی و گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ لەگوندی رۆستەمی ناوچەی هەورامان هاوڵاتی (سۆران حەمەئەمین) مینێك پێیدا تەقیوەتەوەو گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ لەخانەقین هاوڵاتی (خالید حوسێن) لەکاتی مەلەکردندا خنکاوە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ لەنزیك قەساخانەی ئاژەڵان لەهەولێر، ۷ هاوڵاتی هێرشی کردۆتە سەرهاوڵاتیەك بەناوی سەردار و تابووراوەتەوە لێیانداوە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ منداڵێکی ساوای تازە لەدایك بوو لەگەرکی ئیبراهیم پاشای سلێمانی دۆزراوەتەوە.

-لەرۆژی۱۹/ ٥ لەئەنجامی شەرو لێکدانی نێوان چەند هاوڵاتیەك لەباخچەی خانزادی هەولێر، دوو هاوڵاتی برینداربوونە.

-لەرۆژی۲۰/ ٥ دوو کچە ئەندامی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کەبۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان چووبوونە شاری سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە، دەستگیرکراون و تائێستاش بێ سەر و شوێنن.

-لەئێوارەی۲۰/ ٥ هاوڵاتیەکی تەمەن ٥۰ساڵە لەنزیك گوندی کانی شێخی ناوچەی هەڵەبجە تەرمەکەی بەدەست و پێ بەستراوی دۆزراوەتەوە.

-لەرۆژی۲۰/ ٥ لەگوندی هەواری ناوچەی هەورامان دووبرا بەناوەکانی (ئەفراسیاو جەوهەر و مەنوچەر جەوهەر) لەسەر زەوی کشتوکاڵیان مینیان پێدا تەقیوەتەوەو هەردووبرا گیانیان لەدەستداوە.

-لەرۆژی۲۰/ ٥ لەبازاری شێخەڵای هەولێر ئۆتۆمبیلێك لەژنێکی بەساڵاچووی داوەو رای کردووە.

-لەرۆژی۲۱/ ٥ لەکۆمەڵگای حاجیاوا کچێکی ۱۲ساڵان بەناوی (س. ع) بەهۆی کێشەیەکی خێزانیەوە لەلایەن دایکیەوە (ئا. ق) بەشەکرشکێن ئەشکەنجەکراوە، دەست و قاچی شکێنراوە.

-لەرۆژی۲۱/ ٥ لەگەرەکی بادارەی هەولێر کچێك خۆی سوتاندووە.

-لەرۆژی۲۱/ ٥ لەچوارقورنە، لەئەنجامی تەقینی پەرمێزدا، ژنێك بەناوی تانیا حەسەن قادر سوتاوەو پاشان گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی۲۲/ ٥ لەگەرەکی بێخود لەشاری سلێمانی لەسەر کێشەیەی کۆمەڵایەتی کورێك دایکی خۆی کوشتووە.

-لەرۆژی۲۲/ ٥ لەسەر رێگای ئەرزەرۆم-ئەستەنبوڵ، ۳٤ کەس کەهەرهەموویان خەڵکی باشووری کوردستان بوونە، لەئەنجامی وەرگەرانی کامیۆنەکەیان یەکێکیان بەناوی (هیوا فازل) گیانی لەدەستداوەو ئەوانیتریش سەرجەمیان هەندێکیان بەسەختی و ئەوانیتریان بە سووکی برینداربوونە.

-لەرۆژی۲۳/ ٥ لەگوندی قوراوەی ناوچەی ئاغجەلەر، لەئەنجامی کێشەیەکی زەوی و زار، سێ کەس برینداربوونە.

-لەرۆژی۲۳/ ٥ لەشاری هەولێر لەئەنجامی رووداوێکی هاتووچۆدا منداڵێك برینداربووە، هەرلەهەمان رۆژدا لەسەر شەقامی ۱۰۰ مەتری ناوهەولێر ئۆتۆمبیلێك لەدووژنی بەساڵاچووی داوەو بەسەختی بریندداری کردوون و رای کردووە.

-لەرۆژی۲۳/ ٥ لەشاری رانیە لەئەنجامی لێکدانی دوو ئۆتۆمبیل، شوفێری یەکێکیان و هاوڵاتیەك برینداربوونە.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
09/06/2002 15:24

-لەئێوارەی٢٣/٥ لەشارۆچکەی تەکیە، هاولاتییەك لەئەنجامی راونانی پشیلە بەچەکەوە، گوللەیەکی لەخۆیداوەو، خۆی بریندار کردووە.

-لەرۆژی٢٣/٥ لەتەکیە هاولاتیەك لەکاتی ناوبژیوانی کردنی شەڕی نێوان دراوسێکانی چەند گوللەیەکی بەرکەوتووەو بریندداربووە.

-لەئێوارەی٢٤/٥ لەگەرەکی برایەتی لەشارۆچکەی سێمێل هاولاتی (برکات شنگالی) و هاوسەرەکەی لەلایەن چەند چەکدارێکەوە گوللەباران کراون و لەئەنجامدا شنگالی گیانی لەدەستداوەو، هاوسەرەکەشی بەسەختی برینداربووە.

-لەرۆژی٢٥/٥ لەئۆردوگای شۆرش تەرمی لاوێك بەناوی (سامان محەمەد عەلی) دۆزراوەتەوە، کەلەئامادەکاری سەفەرکردن بووە بەرەو هەندەران بچێت.

-لەرۆژی٢٥/٥ منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵان لەهەڵەبجە بەناوی (هیوا کازم) کەخوێندکاربووە لەئەنجامی کەوتنە ژێر ئۆتۆمبیلدا گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی ٢٦/٥ لەدەوروبەری گوندی درکاوەی نزیك هەولێر کوڕێك بەناوی (ئە. و) پێنج گوللەی لەباوکی خۆی (و. ع) داوەو کوشتویەتی و هەمان ئەو کوڕە پێشتریش خوشکێکی خۆی کوشتووە.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەشاری هەولێر دووبرازا لەمامی خۆیانداوە.

-لەرۆژی٢٦/٥ بڕی یەکێك کیلۆ "تی ئێن تی" دانراوە لەگەرەکی شێخ محیّ الدین لەسلێمانی پووچەڵکراوەتەوە.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەناوچەی بالیسان لەئەنجامی لێکدانی دوو ئۆتۆمبیل، دووهاولاتی گیانیان لەدەستداوەو، ٨کەسیتریش لەو رووداوە برینداربوونە.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەگەرەکی تەیراوە لەهەولێر، کارەبا هاولاتی (هێرش عومەر مەولود ) ی گرتو زۆر بەسەختی برینداری کردو دوای سێ رۆژ گیانی لەدەستدا. ناوبراو کارمەندی کارەبایە.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەنێوان بنەسلاوە-هەولێر، تەرمی هاولاتییەك بەناوی (س. ن. س) دۆزراوەتەوە.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەچوار گەرەکی شاری هەولێر، سێ کچ و کوڕێك بەجیا لەئەنجامی تەقینی پەرەمێزی نەوتیدا، سوتاون.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەگەرەکی ئازادی شاری سلێمانی کچێکی ١٤ساڵان بەناوی (تانیا جەبار) سوتاوەو، پاشان گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٢٦/٥ لەشارۆچکەی سەیدسادق دوو منداڵ بەناوەکانی (ئازاد قادر و باوەڕ سالار) کەوتوونەتە گۆماوەکەی ناوچەقی ئەم شارۆچکەیەو هەردووکیان خنکاون.

-لەرۆژی٢٧/٥ لەسنووری ئیبراهیم خەلیلەوە ٩٥ کۆچبەرێتر سنوورداشی باشووری کوردستان کراونەتەوە.

-لەرۆژی٢٧/٥ لەهەولێر لاوێك بەناوی (ئی. ج) بەچەکی ئار. بی. کی گوللەیەکی لەخۆی داوەو خۆی کوشتووە.

-لەرۆژی٢٧/٥ لەهەولێر لەئەنجامی دەمەقاڵەی نێوان دووپۆلیسی پاسەوانی بارەگایەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، پۆلیسی یەکەمیان بەناوی (ب. م. ر) گوللەی لەهاوڕێ پۆلیسەکەی خۆی بەناوی (ج. م. م) داوەو کوشتویەتی.

-لەرۆژی٢٧/٥ لەناحیەی وارماوە، لەئەنجامی فیشەك لەدەست دەرچوونی براکەی، کچێکی تەمەن ١٢ ساڵان بەسەختی برینداربووە.

-لەرۆژی٢٧/٥ چەند لاوێکی باشوور، لەرێگای چوونیان بۆتاران، لەنزیك سنە دەستگیر دەکرێن، و لەکاتی بردنیان بۆلێکۆلینەوە ئۆتۆمبیلەکەیان وەردەگەرێت و لەئەنجامدا یەکێك لەلاوەکان بەناوی (شەماڵ عومەر) خەڵکی هەڵەبجە گیان لەدەستدەدات و ٩ یەکیتریان بریندادەبن و پاشان تەرمی شەماڵ و هەر ٩ بریندارەکەش لەدوای چوار رۆژ سنووردداشی باشوور دەکرێنەوە.

-لەرۆژی ٢٧/٥ لەنزیك شارۆچکەی سەیدسادق منداڵێك بەناوی (ساری نامق ئەحمەد ) کەوتۆتە ئاوی بیرەوە و خنکاوە.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 15:24

-لەرۆژی٢٨/٥ دوای ئازار و ئەشکەنجەو سوکایەتی پێکردنێکی زۆر ٥٢ لاویتری باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیا وە سنووردراشکرانەوە، کەژنێکیان بەدوو منداڵەوە لەگەڵدابوو.

-لەرۆژی٢٨/٥ لەچوارقورنە هاوڵاتی (سەید حوسێن) ، کارمەندی کارەبا، لەکاتی کارەکەیدا لەعەمود کەوتۆتە خوارەوەو گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٢٨/٥ لەئاکرێ لەئەنجامی لێکدانی دووئۆتۆمبیل هاوڵاتی (بەهجەت عەدۆ موسا) گیانی لەدەستداو، دوو هاوڵاتی تر بریندارابوون.

-لەرۆژی٢٩/٥ شەش کۆچبەر، دوای ئەوەی لەسەرخاکی تورکیا دەستگیرکران، سنووردراشی باشووری کوردستان کرانەوە.

-لەرۆژی ٢٩/٥ لەئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلێك لەرێگای نێوان رانیە-سەنگەسەر، کەسێك گیانی لەدەستداوە.

-لەرۆژی٣٠/٥ لەئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دووکەس کوژراون و یەکێکیش بریندارابووە.

-لەرۆژی ٣١/٥ لەکۆمەڵگای شیلادزێ هاوڵاتی (ص. م. س) گوللەیەکی لەخۆیداوەو خۆی کوشتووە.

-لەکۆتای مانگی ئایاردا لەگوندێکی گەرمیان، هاوڵاتی (ی. ح. ح) چەند داسێکی کێشاوە بەسەر هاوڵاتی (ح. ح. ك) وکەم ئەندامی کردووە.

-لەدوا هەفتەی مانگی ئایاردا، زیاتر لە٥٠٠ کۆچبەری نایاسایی سنووردراشی باشووری کوردستان کرانەوە.

-لەمانگی ئایاردا لەکەنارەکانی دەریایی تورکیا، کەشتیەکی قاچاغ، بە٢٣٣ کۆچبەری نایاساییەوە دەستی بەسەرداگیراوە، کەزۆربەیان کوردی باشووری کوردستان بوونە.

-لەدوا هەفتەی مانگی ئایاردا، لەگوندی تازەدێی کەلار لەئەنجامی کەوتنە ژێر ئۆتۆمبیلەوە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان گیانی لەدەستدا.

-لەمانگی ئایاردا لەگەرمیان تەقینەوەی پێنووسێکی تەوقیتکراو بە منداڵێکی ١٠ ساڵان بەناوی (فارق تۆفیق مستەفا) ، بووەتە هۆی لەدەستدانی دەست و چاوێکی.

-لەمانگی ئایاردا لەهەولێر پۆلیسێك بەناوی (ج. ئە. ح) گوللەیەکی لەخۆی داوەو لەنەخۆشخانە کەوتووە.

-لەمانگی ئایاردا ٥ کەس بەهۆی رووداوی سروشتی بروسکە گیانیان لەدەستداوە.

-لەمانگی ئایاردا لەئەنجامی پێوەدانی مار و دووپشك ٨ کەس بریندارابوونە. هەروەها لەئەنجامی پەلاماری گورگەوە دووکەس بەسەختی بریندارابوونە.

-لەمانگی ئایاردا چوون و هاتنی هاوڵاتیان لەناوچەکانی باشوورەوە بۆناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێراق درێژەی هەبووە.

-لەسنوورەکانی نێوان باشووری کوردستان لەگەڵ کوردستانی رۆژهەڵات و باکوور، بۆکاری بازرگانی و هێنان و بردنی شت و مەك و کەل و پەل و مەڕ و ماڵات درێژەی هەبووە.

-لەمانگی ئایاردا بەپێی تۆمار و بەدواداچوونی ئێمە زیاتر لە٢٤٠ رووداوی دزی و چوونە سەرماڵان و تاڵان کردن و دووکان برین و ئۆتۆمبیل رفاندن و گیرفان برین و شێوازێتی دزی بچووك و گەورە ئەنجامدراون.

-لەمانگی ئایاردا سیاسەتی تەعریب لەلایەن رژێمی ناوەندی ئێراقەوە لەکەرکوك و ناوچەکانی تری ژێردەسەڵاتی، بەدەرکردنی خێزانی کوردو، هێنانی بنەماڵەکانی عەرەب بۆشوێنیان بەردەوام بووە و لەگەڵ ئەوەشدا رژێمی ئێراق لەتەواوی ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بەردەوام بووە لەپیادەکردنی سیاسەتە دژوارەکانی لەسەرگەلی کورد.

-لەمانگی ئایاردا بەپێی ئاماری بەدەستخراو ١٢٥ رووداوی هاتوو چۆی ئۆتۆمبیل لەشاروشارۆچکەکانی باشوور روویانداوە، جگە لەزیانی ماددی و دەروونی هیچ زیانێکی گیانیان لێنەکەوتۆتەوە، ئەو رووداوانەی کەبوونەتە هۆکاری زیانی گیانی، واتا گیان لەدەستدان و بریندابوون لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 15:24

-لەمانگی ئایاردا ژمارەیەکی زۆر زەوی و زاری کشتوکاڵی گەنم و جۆ لەناوچە جیا جیا کانی باشووری کوردستان سوتاون.

-لەمانگی ئایاردا سەدان رووداوی ئاگرکەوتنەوەی ماڵ، دوکان، شوێنەگشتیەکان روویداوە، جگەی لەزیانی ماددی و دەروونی هیچ زیانێکی تریان لێنەکەوتۆتەوە، ئەو ئاگر کەوتنەوانەی کەزیانی گیانیان هەبووە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوونە.

-لەمانگی ئایاردا سوکایەتی کردن بەئافرەتان و هۆی ها کردن بەرامبەریان ناوە ناوە لەهەندێك بازارو شوێنە گشتیەکانی باشووری کوردستان درێژەی هەبووە.

-لەمانگی ئایاردا، رێژەی سواڵکردن لەچاو مانگەکانی سەرەتای ئەمساڵ زۆر زیاتر بووە.

-لەمانگی ئایاردا توندو تیژی ناو خێزان و دەماقاڵەی ناو بازار و ناو ماڵان و کۆچەو کۆڵانەکان و سەرشەقامەکان، بێ کەوتنەوەی هیچ زیانێکی گیانی درێژەی هەبووە.

-لەمانگی ئایاردا قاچاخچێتی و بازرگانی کردن بەمادده بێهۆشکەرەکان درێژەی هەبووە.

-لەمانگی ئایاردا لەگەڵێك لەوڵاتانی جیهاندا گفتوگۆ لەسەر کێشەی پەنابەرانی باشووری کوردستان و مانەوەو بڕیاری ناردنەوەیان درێژەی هەبووە.

-لەمانگی ئایاردا کێشەی کارەبا و کێشەی بێ ئاوی لەزۆر ناوچەو هەرێمی باشووری کوردستاندا بەبەردەوامی درێژەی هەبووەو چارەسەرنەکراوە.